# ڕەشە زام

نازم حیکمەت، ئۆوگستی 1959
و.* لە فارسییەوە: هەژێن

لە پەڕەی یەکەما، لەسەر دوو ستوون
دوو منداڵی ڕووتەڵە خەوتوون
لەپەڕەی یەکەما، لەسەر دوو ستوون
مشتێ پێست و ئێسقان
کون کون و قەڵیشاوە، گۆشتی لەشیان
یەکێ لە «دیاربەکر»ەوە، ئەوی تر خەڵکی« ئۆرگانی»،
دەست و پێیان لارووێر
ئێسکەپەیکەریان گەورە و
دەمیان بە هاواری ترسناکەوە داچڕاو
کێ دەزانێ، هەر ساڵەی چەند هەزاریان
بێ ئەوەی لە ئاوی تاڵ تێر بن، دێن و دەڕۆن...
جەنابی ڕاوێژکاریش:
(دەك ڕەشەزام بگرێ)
دەڵێ: " جێی مەترسی نییە"

*یەکێکە لە کۆمەڵە هۆنراوەیەك کە لە هاوینی 2001دا لەگەڵ کورتەیەك لە ژیاننامەی نازم حیکمەت بەنێوی "نازم حیکمەت باشتر بناسین" لە فاسییەوە وەرم گێڕاون.